بەگەڕ تاەبانی:بڕیاردرا بە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی تەماتەی لەدەرەوەی وڵاتەوە



بەگەڕ تاەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، بڕیاردرا بە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی تەماتەی لەدەرەوەی وڵاتەوە، بڕیارەکەش لەئەمڕۆوە تا کاتێکی نادیار جێبەجێدەکرێت.

بەگەڕ تاەبانی لەپەیامێکدا باویکردەوە، "لەپێناو بەرژەوەندی و سودی گشتی جوتیاران و چارەسەرکردنی کێشەی بەبازاڕکردنی بەرهەمێکی زۆری (تەماتە)ی خەمڵی جوتیارانی شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق، پاڵپشت بە هەماهەنگییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەروەها وەڵامدانەوەی یاداشتی داواکاریەکانی جوتیاران لە (کێمەڵەی کشتوکاڵی الزوبێر) لە سنوری پارێزگای بەسرە، لەژێر ڕۆشنای هەماهەنگی و بەرەو پێشچونەکانی لیژنەی هاوبەشی تایبەت بە یەکخستنی (ڕێژەری کشتوکاڵی) لەهەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی فیدراڵ بڕیاردرا هاوردەکردنی تەماتە لەدەرەوەی وڵات قەدەغە بکرێت".

ئەوەشی ڕونکردەتەوە، "وەک چۆن ئەوان لەماوەی ساڵی ڕابردوو، بڕیاریاندا بە قەدەغەکردنی هاوردەی بەرهەمی تەماتە لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمی جوتیارانی ناوچەی پێجوێن و حاجی

ئەمەران و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش لەپێناو درێژەدان بەو نەریتی هەماهەنگی و پێکەوەکارکردنە و کردنەوەی بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەووی بەرهەمی ناوخۆی جوتیارانی ناوەڕاست و خواروی عێراق، بێیارماندا هاوردەکردنی تەماتەقەدەغەبکەین".

بگەڕد تاڵەبانی دەشێت، "بێیاری قەدەغەکردنی هاوردەی بەرهەمی تەماتەلەدەرەوەی وڵاتەوە لەئەمڕۆ یەکشەممەوە تا کاتێکی نادیار جێبەجێدەکرێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "بۆ ئەم مەبەستەو وەرگرتنی رێککاری کارگێری و یاسایی، نوسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەووەبەڕایەتی گشتی گومرگی هەرێم کردوە، بۆ کارپێکردنی لەسەرجەم دەروازەی پارێزگاکان و ئیدارەی سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان".